# ڕوونکردنەوەیەك لەلایەن هونەرمەند ئەحمەد زەمانە



**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

لەڕوونکردنەوەیەکدا هونەرمەندی ناسراوی مەخموور (ئەحمەد زەمانە) باس لەوەدەکات کە لەدوا چاوپێکەوتنیدا هەندێ زانیاری بەهەڵە لەبارەی ئەلبوومی (تاسە) بڵاوکراوەتەوە.

لەبارەی دوا ئەلبوومی خۆی، هونەرمەندی گۆرانیبێژ (ئەحمەد زەمانە) تایبەت بەرۆژنامەی (دەنگی مەخموور) ڕایگەیاند "ئەلبوومی (تاسە) کە لە (٧) تراك پێکهاتووە، لەبڵاوکراوەی هەردووسەنتەری کاوان‌و سەنتەری ڕۆتانای نوێیە، بەمزووانە دەکەوێتە بازارەوە"، گوتیشی "لەدوایەمین چاوپێکەوتنمدا لەگەڵ ڕۆژنامەکەتان هەندێ زانیاری بەهەڵە لەبارەی ئەو ئەلبوومەوە بڵاوکراوەتەوە، بۆیە پێمخۆشە ڕاستییەکان بخەمە بەردیدی هەموولایەك".

لەبارەی ئەو هۆنراوانەی کە هونەرمەندی گۆرانیبێژ (ئەحمەد زەمانە) لەئەلبوومی تاسە بەکاریهێناون گوتی "بۆ ئەم ئەلبوومە سوودم لەهەریەك لەشاعیران (ئەحمەد بەگی جاف‌و عەبدولرەحمان بێلاف‌و موحسین شوانی‌و موحسین عوسمان‌و زۆراب مەخمووری) وەرگرتووە، بەداخەوە لەچاوپێکەوتنەکەی ڕابردوومدا ناوی شاعیری لاو (زۆراب مەخمووری) نەهاتووە".

سەبارەت بەدابەشکردن‌و ئامادەکردنی کاری مۆسیقی ئەو ئەلبوومەی، زەمانە، ڕوونیکردەوە "تەواوی کارە هونەرییەکانی ئەو ئەلبوومەم لەلایەن هونەرمەندی لاو (عیماد جەوهەر) ئەنجامدراوە، بەڵام لەژمارەی ڕابردوو ناوی مامۆستا جەمیل سنجاوی بەهەڵە لەتەك ناوی کاك عیماد هاتووە، جگە لەمەش باس لەوکراوە کە گۆرانی (زەمانە گوڵێکی دامێ) لەو ئەلبوومەدا بڵاودەکرێتەوە، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەو گۆرانییە لەو ئەلبوومەدا بڵاوناکرێتەوە". هەر سەبارەت بەگۆرانی (زەمانە)، ناوبراو دەڵێت "ئەو گۆرانییەم بۆیەکەمجار لەساڵی ١٩٨٧ لەلایەن هونەرمەندان (فەرهەنگ غەفوورو دڵزاریاسین‌و کاك بەرهەم) تۆمارکردووە، دواتر لەساڵی ١٩٨٩ بۆجاری دووەم لەلایەن هونەرمەندان (جەمیل سنجاوی‌و ئاراس کۆیی‌و کاك ئاسۆ) تۆمارکردۆتەوە"، گوتیشی "بەتەمابووین ئەو گۆرانییە لەئەلبوومی تاسە دووبارە بکەینەوەو بەشێوازێکی نوێ دابنرێت، بەڵام وامان پێ باشبوو ئەو گۆرانییە لەو ئەلبوومەدا دانەنێین" لەکۆتایی لێدوانەکانیدا، ئەحمەد زەمانە باس لەوکەسانە دەکات کە هاوکاریان کردووە لەبارەی ئەو ئەلبوومەوە، لەوبارەیەوە گوتی "ئەلبوومی تاسە بەهاوکاری بەڕێزان (غەفوور مەخمووری، بارزان سەیدکاکە، ئیبراهیم شێخەڵڵا، شۆرش خدر، سەرهەنگ حەسەن، عەبدولرەحمان بێلاف) بەرهەم هاتووە، هەروەها هونەرمەندی لاو سالار نەورۆز پاڵپشتی زۆری کردووم، سوپاسی هەموو لایەکیان دەکەم".

# چۆپی ناوی دایکی لەئەلبوومە نوێیەکەی دەنێت




ئەلبوومی نوێی خانمە گۆرانیبێژ چۆپی، لەژێر ناوی "شارا" بڵاوکرایەوە کە گوڵبژێرێك لەمەقام‌و حەیرانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لەخۆگرتووە.

ئێحسان فەتاح بەڕێوەبەری کارە هونەرییەکانی چۆپی لەلێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی پەیامنێر گوتی "لەم هەفتەیەدا نوێترین ئەلبوومی گۆرانی چۆپی لەژێر ناوی شارا بڵاوکرایەوەو لە ١٢ تراکی گۆرانی پێکهاتووە"، گوتیشی "هەر لەو ئەلبوومەدا دوو مەقامی بادینی لەخۆگرتووە، ئەوانیش تایبەتن بە دەڤەری بادینان لەهەرێمی کوردستان‌و کوردستانی تورکیا". ئەوەشی خستەڕوو "ئەو مەقامانە شاران‌و خەرمانێك مەقاماتی پێکهێناوە، سەرەڕای ئەوەش ناوی دایکی چۆپی شارایەو وەکو وەفایەك بۆ دایکی کە پێیەوە ماندووبووە بەهۆی هونەرەکەیەوە، پێی باشبوو ئەم ناوە هەڵبژێرێت". ئەوەشی ڕاگەیاند "ئەم بەرهەمە لەستۆدیۆی میلۆدی لەهەولێر تۆمارکراوە، هێمن حوسێن کاری ئامادەکردن‌و دابەشکردنی بۆ کردووە، ئاکۆ عومەر سەرپەرشتی دەنگی کردووە".

ئەم بەرهەمە لەلایەن ڤین پرۆدەکشن بڵاوکراوەتەوە، تائێستا دوو لەتراکەکانی کلیپکراوە.

# "کامل ئیبراهیم" سروودێك بۆ یانەی وەرزشی مەخموور تۆمار دەکات



**کارزان غەمگین/مەخموور**

گۆرانیبێژ (کامیل ئیبراهیم) لەساڵی ١٩٨٩ لە شارۆچکەی مەخموور لەدایکبووەو لەساڵی ٢٠٠٤ دەستی بەکاری هونەری‌و گۆرانی گوتن کردووە، تائێستا خاوەنی دوو سروودو سێ گۆرانییە، توانیویەتی لەماوەیەکی کەم بوونی خۆی بسەلمێنێت، جگە لەمەش بەشداری چەندین ئاهەنگی کردووە، یەکەم بەرهەمی هونەری خۆی بەسروودێکی نیشتیمانی دەست پێکردووە.

سەبارەت بەدوایین کاری خۆی، کامیل ئیبراهیم، ڕایگەیاند "ئێستا خەریکی تۆمارکردنی سروودێکم بەناوی "مەخموور" کە بیرۆکەکەی هی ژەنیار (عیماد جەوهەر)ەو ئاوازو هۆنراوەکەشی هی خۆمەو دابەشکردنی مۆسیقا لەلایەن (عیماد جەوهەر) بۆ کراوەو لەستۆدیۆی "تیپی خونچەکان" لەمەخموور تۆمارکراوە، ئەم سرووده تایبەت بەیانەی وەرزشی مەخموور وتراوە، بەبۆنەی سەرکەوتنی یانەی مەخموور بۆخولی پلەیەکی کوردستان وەك دەستخۆشیەك ئەو سروودەم تۆمار کردووە"، گوتیشی "پێمخۆشە ئەو سروودە کلیپ بکەم، بەڵام لەتوانام دانیە، ئەگەر بێتو هەرلایەنێك ئامادەیی دەرببڕێت بۆ کلیپکردنی ئەوا سوپاسی دەکەم". لەکۆتاییدا لەبارەی بڵاونەکردنەوەی بەرهەمەکانی وەکو ئەلبوومێك، کامیل گوتی "تائێستا ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخساوە تاوەکو ئەلبوومێك بڵاوبکەمەوە، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ لایەنی ماددی دەگەڕێتەوە".

# دەشنێ بە فریشتەی میهرەبانەوە دێتەوە



**کارۆ هەولێری**

سێیەمین ئەلبوومی خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ (دەشنێ) بەناوی "فریشتەی میهرەبان" کەوتە بازارەوە.

ئەلبوومی "فریشتەی میهرەبان" کە چەندین ستایلی جیاوازی ڕۆژئاوایی بەکارهێناوە، کە لە ١٥ تراك پێکهاتووە، سەرجەم میلۆدییەکانی لەلایەن هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر دانراون، ئێستا ئەلبوومەکە لەبازار دەستدەکەوێت.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەلبوومی سێیەمی، ڕەنگە دەشنێ بۆ ماوەیەك لەکاری هونەری دوور بکەوێتەوە، بەڵام دەشنێ ماوەکەی دیاری نەکردووەو بەمزووانە دەست دەکاتەوە بەکاری ڕاگەیاندن‌و پێشکەشکردنی بەرنامەیەك کە لەدوای جەژندا پێشکەش دەکرێت.

جێگەی باسە دەشنێ ئێستا لەگەڵ خانەوادەکەی لە وڵاتی هۆڵەندا لەگەشتێکدایە بۆ کات بەسەربردن‌و دوای مانگێکی تر جارێکی دیکە دەشنێ وەکو ڕاگەیاندکارێك دەردەکەوێت.

# (٩٥) دەفتەر بۆ ئاهەنگی بووك‌و زاوایەك

لە ئاهەنگی بووك گواستنەوەی "لەیلا"ی کچی خانەوادەی "ئۆنەر"ی ناسراو لەشاری وان کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنقەرەی پایتەختی تورکیایە بۆ "یاوز"ی کوڕی خانەوادەی "ئێرتاك"ی دەوڵەمەندی هەمان شار، زیاتر لە ١٤ کیلۆ زێڕی جۆراوجۆر بەبووك هەڵواسراوو ٤٤٥ هەزار لیرە "٢٨٠ هەزارو ٤٦٢ دۆلاری ئەمەریکی" بەزاوا هەڵواسرا کە کۆی گشتی خەڵاتەکانی ئەم ئاهەنگە بۆ بووك‌و زاوا زیاتر لە ١,٥ ملیۆن لیرەی تورکی واتە "٩٤٥ هەزارو ٣٧٨ دۆلاری ئەمەریکی" بوو کە نزیکە ٩٥ دەفتەر دەکات.

بەهۆی ئەم هەموو خەڵاتە زۆرەی کە بەسەر بووکدا هەڵواسێنرا، لەیلای بووك لەم ئاهەنگەدا نیگەرانی خۆی دەربڕی لەوەی کە چیتر توانای نەماوە زێڕەکان هەڵبگرێت‌و پێویستە بارگرانییەکەی سەرشان‌و کۆڵی سووك بکاتەوە کە گەیشتە ١٤ کیلۆ زێڕ لەهەموو جۆرێك‌و نەخش‌و نیگارێك.



# بڵاوکراوەی نوێ




گۆڤاری شارەوانی مەخموور کە تایبەتە بە کارو چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی مەخموور کەوتە بەر دیدی خوێنەران، هیوای سەرکەوتن‌و بەردەوامی بۆ ستافی گۆڤارەکە دەخوازین.

# حەیرانێك بە یادی جاران

**ئەوەل سەحەرە**

سەحەر سەدای منی غەریبە ماری وەزی وەتگێژم
ئەگەر فەقییێان لەمەدرەسان دەخوێنن
ئەمن بەبێ برین خوێنی دەرێژم
گەلی برادەرینە ئەمن هەرچەندەی دەکەم
لەوی کۆنە دنیایێ
قاصیدەکی بەمتمانەم بەدەس ناکەوی
بینێرمە کن بەژنێ باریك و دووچاوی بەرەك
ڕاستی درێ خۆمی لەبۆ ببێژم
وەی لێ سەحەرە!!